# گەڕەکە هەژارنشینەکان پێیانوایە حکومەت تەنیا خزمەتی گەڕەکە دەوڵەمەندەکان دەکات

هاولاّتییەك: ئەگەر پیرەمێردی شاعیر زیندوو بێتەوە شارەوانی سلێمانی دەداتە دادگا.



## ڕاپۆرت ئاسۆ

ئەگەر لەسەردەمی رژێمی پێشوو خزمەت بە گەڕەکەکەمان نەدەکرا بەبیانووی ئەوەی رۆڵەکانی ئەم گەڕەکە پێشمەرگەن و هاوکاری رژێم نین، ئەی ئێستا لەبەرچی حکومەتی هەرێم ئاوڕ لەم گەڕەکە ناداتەوە؟ گەڕەکی مامەیارەو هۆمەرەکوێر و برایم ئەحمەد لەگەڕەکە دێرینەکان شاری سلێمانین تا ئێستا لە زۆر ڕووەوە بێ خزمەتگوزارین، دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە لایەنی پەیوەندیدار بەوە تۆمەتبار دەکەن کە جیاوازیی لەنێوان گەڕەکە هەژارنشین و دەوڵەمەندەکاندا دەکەن.

حسێن محەمەد–دانیشتووی گەڕەکی مامەیارە وتی: تا ئێستا شەقامە سەرەکییەکەمان بەشێکی زۆری قیرتاو نەکراوە و زۆربەی کۆلاّنەکانمان قیرەکەی هی سەردەمی رژێمی پێشووە، حکومەت جیاوازیی دەکات لەنێوان گەڕەکەکاندا، گەڕەك هەیە چەند ساڵێکە دروستبووە بەلاّم هەموو خزمەتگوزارییەکی تێدایە.

شاسوار محەمەد–دانیشتووی گەڕەکی مامەیارە وتی: گەڕەکی مامەیارە و هۆمەرەکوێر و برایم ئەحمەد لای دەسەلاّت بەگەڕەکی لادێیەکان سەیر دەکرێت، لەسالاّنی نەوەدەکاندا برادەرێکم تەلەفۆنی کردبوو بۆ دائیرەی کارەبا پێیانی وتبوو کە بۆچی کارەبای گەڕەکەکانی تر زۆرتر دەدرێت؟ پێیان وتبوو ئێوە کارەباتان بۆ چییە هەر کە ساوەرەکەتان خوارد یەکسەر دەخەون! ئەمە تێڕوانینی حکومەتە بۆ ئەم گەڕەکانە ئەگینا برایم ئەحمەد یەك بستی قیرتاو نەکراوە، ئەمە جیاوازییەکە حکومەت دەیکات، حکومەتی پێشوو بەهەموو شێوەیەك بایەخی بە گەڕەکی ڕزگاری و عەقاری دەدا لەبەرامبەریشدا ئەو رژێمە هێزو تەواریی و ئەمنی دەنارده سەر گیانی ئێمە، بەداخەوە ئەو گەڕەکانەی کە خزمەتی بەرچاوی شۆرشیان کردبوو و رۆڵەکانی خۆیان دەنارد بۆ پێشمەرگایەتی هیچ ئاوڕێکیان لێنادرێتەوە.

توبا عەبدوڵلاّ–دانیشتووی گەڕەکی هۆمەرە کوێرە وتی: بەم سێ گەڕەکە نەخۆشخانەیەکی تێدانییە دەبێت بچینە نەخۆشخانەکەی گەڕەکی خەبات، ئەوێش بۆ ئێمە زۆر دوورە، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئەوەی کە ئەم نەخۆشخانەیە چەند گەڕەکێکی بەسەرەوەیە قەرەباڵغییەکی زۆری لەسەرە، داوا لە حکومەت و وەزارەتی تەندروستی دەکەم  کە نەخۆشخانەیەك بۆ ئەم گەڕەکانە دروست بکات.

باجی (تامین) وتی: لەوەتی من لەم هۆمەرەکوێرەم، هیچ خزمەتێکم نەبینیوە کە حکومەت بیکات، ئەوەتا بەردەم ماڵەکانمان هەمووی قوڕە و تا ئێستا قیرتاویان نەکردووە بۆمان، ماڵی مەسئولێك بە شاخێکەوەیە شاخەکەیان بۆ قیرکردووە، حکومەت بەس بۆ گەڕەکە دەوڵەمەندەکانەو سەدامیش هەر یارمەتی ئەوانی دەدا.

هەژار بابەحسێن–وتی: دەمەوێت پێتان بڵێم کە چیمان دەوێت؟ یەکەم قیرتاوکردنی گەڕەکەکانمان، بەڕاستی لەزستاندا قوڕو لەهاویندا تەپوتۆز هەراسانی کردووین، نەبوونی باخچەش هەرکێشەیە، شارەوانی سلێمانی باخچەی بۆ زۆربەی گەڕەکەکانی شار دروستکردووە بەلاّم ئەو گەڕەکانەی ئێمە باخچەی نییە و داواش لەوەزارەتی تەندروستی دەکەم کە نەخۆشخانەیەك بۆ ئەم گەڕەکانەش دروست بکات، داوایەکی تریشم لەشارەوانی هەیە کە هەڵمەتێك بەهاوکاریی خەڵکی ئەم گەڕەکانە دەست پێبکات، بۆ ناشتنی نەمام و سەوزکردنی ئەم گەڕەکانە.

بەهمەن مسەحەرد وتی: ئەم گەڕەکانە دەمێکە بێ خزمەتگوزارین، سەیر بکە سەیرانگایەکی کۆنی ئەم شارە کە لەمێژووی کوردستاندا ناوی هاتووە ئێستا فەرامۆشکراوە ئەویش سەیرانگای مامەیارەیە، ئەمڕۆ خەڵك کردوویانەتە زبڵخانەو پاشەڕۆی خۆیانی تێدادەکەن، دەبوو نەك نەدەبوو پێویست بوو شارەوانی و وەزارەتی گەشتوگوزار بیریان لەم سەیرانگایە بکردایەتەوە و بایەخیان بەجیدیی پێ بدایە، ئێستا شارەوانی سلێمانی لەزۆر گەڕەك باخچەی دروستکردووە، دەیانتوانی مامەیارەش ئاوەدان بکەنەوە و هیچ نەبوایە بیکردایەتە باخچەیەك بۆ خەڵکی گەڕەکەکە خۆیان.

مام مەولود–یش وەك پیرە پیاوێکی دنیادیدە، بەدەم نەفسدان لەجگەرەکەیەوە بەهێواشی وتی: سەیرانگای کۆنی شاری سلێمانی ئێرە بوو (مامەیارە) بیبینە ئێستا چۆن ئیهمال کراوە، ئەگەر شارەوانی شار تۆزێك بەدەنگ مێژووی سلێمانییەوە بهاتبایە، ئەم سەیرانگا کۆنەی ئاوەدان دەکردەوە و پرۆژەی خزمەتگوزاریی چاکی تیادا جێبەجێ دەکرد، هەموو ئەشرافی جارانی شار لەسەروو پێشیانەوە حاجی تۆفیقی پیرەمێر بەردەوام دەهاتنە ئەم سەیرانگایە بەتایبەتی لەبەهاراندا و لەجەژنی ئاگری پیرۆزی نەورۆزدا، ئەگەر ئێستا حەزرەتی پیرەمێر زیندووبێتەوە شارەوانی سلێمانی دەداتە دادگا لەبەربێ خزمەتی ئەم سەیرانگا جوانەی جاران.

هەستیار عومەر وتی: یەکێك لەوشتانەی کە دیمەنی ئەم گەڕەکانەی ناشیرین کردووە، ئەو گۆڕستانەیە، بەداخەوە ئەم گۆڕستانانە شوێن و جێ نزرگەی شەهیدان و خەڵکی بەناوبانگ و شاعیران و هونەرمەندانی گەلەکەمان کەلەمێژووی ولاّتدا هەتا هەتایە ناویان بەنەمریی دەمێنێتەوە.

ئەم گۆڕستانە بۆتە دوا مەنزڵگەیان، ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و گەورەپیاوانی ئەم ولاّتە لەوەسێتنامەکانیاندا نوسیوویانە کە هەر کات لەژیان دەرچوون لاشەکانیان لەم گۆڕستانە بنێژرێت و ئەم گردانەیان بەدوامالّی خۆیان دەستنیشان کردووە.

زۆربەی گۆڕستانەکانی جیهان خزمەتێکی زۆری تێدا دەکرێت، دەبێت لایەنی پەیوەندیدار بەم مەسەلەیە بیر لەسەوزکردنی ئەم گۆڕستانانە بکاتەوە و چیمەنی تێدابکات و نەمامی تێدا بنێژێت، شورایەکی گەورەی بۆ بکات نەك ئەمەی تا ئێستا کردوویانە.

بۆزانینی ڕاوبۆچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەمەڕ کێشەی ئەم سێ گەڕەکە، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی دەربارەی گرفتی نەخۆشخانە وتی: لەساڵی 1986 داوامان کردبوو کە بنکەی تەندروستی لەگەڕەکی مامەیارە دروستبکرێت بەڵام سەرکەوتوو نەبووین، لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق زەویشمان بۆ تەرخانکردو داوامان لەوەزارەتی تەندروستی عێراق کرد دیسان سەرکەوتوو نەبووین.

جگە لەوەش تا ئێستا دروستکردنی یەك بنکەی تەندروستی لەچوارچێوەی شاری سلێمانیدا بۆ ساڵی 2007 پەسندنەکراوە و وەڵامی نەهاتۆتەوە، بەڵام دەتوانین لەگەڕەکەکان خانوویان بۆ بەکرێ بگرین تا ئەو کاتەی کە بیناکانیان تەواو دەبێت، ئێمە ئامادەین و توانامان هەیە کرێ بدەین.

دەربارەی کێشەی نەبوونی خزمەتگوزاریی لەو گەڕەکانە (دانا رەشید عەبدوڵڵا) لێپرسراوی دیزاین لەشارەوانی سلێمانی وتی: گەڕەکی رۆژهەڵات یەکەم گەڕەکی بەرنامە بۆ دانراوی شارەوانی سلێمانی بوو بۆ ساڵی 2003 کە سپێردرابوو بە کۆمپانیای حەسەن قادر بەڵام بەهۆی وەفاتی خاوەنی کۆمپانیاکەوە کارەکەیان دواکەوت و دواتر شارەوانی هەستا بەجێبەجێکردنی برگەکانی، قۆناغی یەکەمی لەساڵی 2006 دا تەواوکردنی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆو ڕێکخستن و تێکردنی تێکەڵە بوو.

سەبارەت بەشەقامی دلێران وتی: ئێمە وەك شارەوانی هەموو ئامادەکارییەکمان بۆ کردووە بەس ماوەتەوە سەر بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی، وەك شارەوانی دەرخستەو هەموو کارێکی پێویستی ئەو شەقامەمان بەتەواوەتی ئامادەکردووە، چاوەڕێی بودجەی شارەوانی دەکەین کە بێت بۆمان.

دەربارەی تۆڕی ئاو، دانا رەشید وتی: ئاوو ئاوەڕۆ پەیوەندیی بەشارەوانییەوە نییە بەڵام لەسەر بودجەی شارەوانی بۆ ئەو گەڕەکانە جێبەجێکراوە بۆئەوەی لەقۆناغی داهاتووی قیرتاوکردندا جارێکی تر هەڵنەکرێنەوە.

دەربارەی جیاوازیی کردن لەنێوان گەڕەکەکاندا وتی: کەوتۆتەوە سەر بودجە، چونکە ئەگەر بودجە بەشبکات، بۆچی خزمەتگوزاریی پێشکەش ناکەین؟!.